گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵ و کاریگەریی فرەواتا لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا

**م.ی. تەلان محەمەد عومەر**
بەشی سیستەمی زانیارییەکانی کارگێڕی,کۆلێژی تەکنیکی شەقڵاوە,زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
talanmohammed@epu.edu.iq

**م.ی. ڕزگار ئیسماعیل کەریم**
بەشی زمانی کوردی, کۆلێژی زمان , زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر، هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق.
Rizgarismael74@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٢/١٥
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٣/٢٩
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Polysemy, dictionary and semantics, meaning dictionary, lexical semantics.

**Doi**:
10.25212/lfu.qzj.8.2.24

**پوختە**

دیاردەی فرەواتایی، دیاردەیەکە لەنێو هەموو زمانێکدا بە مانا و فۆڕم و شێوەی جیاواز دەرکەوتەی هەیە، کە بریتییە لە وشەیەک یان مۆڕفیمێک زیاتر لەواتایەک هەڵبگرێت، ئەم واتا جیاوازانەش بەپێی دەوروبەر دەردەکەون و تەم و مژی لە وشەکەدا ناهێڵێت، لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەکە باس لە ڕۆڵ و کاریگەریی فرەواتا دەکات لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا، ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی ڕێبازی (وەسفی-شیکاری) بنەما و لایەنە جیاوازەکانی دیاردەکە پەیوەست بە فەرهەنگ و زمانی کوردی تاوتوێ دەکات، کە بە مەبەستی گەیشتن بە وەڵامی ئەوەی، کە ئایا ئەم دیاردەیە (فرەواتا) فەرهەنگی زمانی کوردی دەوڵەمەند کردووە یان نا؟ چۆن؟

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم دەربارەی چەمک و زاراوەی فرەواتا و سیما و فەرهەنگ و هۆیەکانی دروستبوونیەتی، بەشی دووەمیش باس لە ڕۆڵ و کاریگەریی فرەواتا دەکات لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا، ئەم ڕۆڵەش بەپێی بەشەئاخاوتنەکانی وەک: (ناو، ئاوەڵناو، چاوگ) دیاریکراوە، لەکۆتاییشدا توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، گرنگترینیشیان بریتییە لەوەی (فرەواتا) ڕۆڵی گرنگی لە

دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا دیوە، ئەمەش بەپێی ئەو مانا جیاوازانەی بەپێی دەوروبەر لە وشەکاندا دەبینرێن.

وشە کلیلیەکان: زاراوەی فرەواتا، فەرهەنگ و واتاسازی، دروستبوونی فرەواتا، واتاسازی وشە، واتای فەرهەنگی.

## 1. پێشەکی

### ١: ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە ناونیشانی "ڕۆڵ و کاریگەریی فرەواتا لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی"دایە، لێرەدا ڕۆڵ و کاریگەری دیاردەی فرەواتایی، کە لەڕێگای ئەو واتا جیاوازانەی تیایدا دەبینرێت لەنێو دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی دەستنیشاندەکات دەرخستنی ئەم ڕۆڵەش بەپێی بوار و ئاستی واتاسازی و ڕەنگدانەوەی لە فەرهەنگدا تاوتوێدەکات.

### ٠٢ ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لەبەر ڕۆشنایی ڕێبازی (وەسفی – شیکاری) ئەنجامدراوە.

### ٠٣ سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی (زاری کوردی ناوەڕاست)دایە، لەم ڕوانگەیەوە دیاردەی فرەواتایی لەئاستی واتا و لەنێو ئەم زارە ڕوندەکرێتەوە، نموونە و کەرەستەکانیش لە فەرهەنگ و زمانی شیعری و پەند و چیرۆک و قسە و ئاخاوتنی ڕۆژانە وەرگیراوە.

### ٠٤ گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە تیایدا ڕۆڵ و کاریگەریی فرەواتا و واتا جیاوازەکانی بەپێی دەوروبەر لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا دەردەخات، ئەمەش بە ئامانجی وەرگرتن و دەرخستنی لە دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا.

٠٥ هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

١- گرنگی دەرکەوتنی فرەواتا و واتا جیاوازەکانی لە فەرهەنگدا.

٢- پەیوەندی دەرخستنی دیاردەی فرەواتا لە چوارچێوەی واتاسازی فەرهەنگدا.

٣- دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی و دیاریکردنی لە ڕێگای ئەم دیاردە واتاییە (فرەواتا).

### ٠٦پرسیاری توێژینەوەکە:

گرنگترین پرسیاری نێو توێژینەوەکە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- ئایا دیاردەی فرەواتایی ڕۆڵی بینیوە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا یان نا؟ چۆن؟
- وشە فرەواتاکان چۆن و لەسەر چ بنەمایەک زیاتر لەواتایەک هەڵدەگرن؟
- پەیوەندی ئاستی واتاسازی بە بواری فەرهەنگسازی چۆن دەردەکەوێت؟

### ٠٧ پلان و پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوە، لە دوو بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:**

ئەم بەشە تایبەتە بە چەمکی فرەواتا و فەرهەنگ، کە لەم سەردێڕانە پێکهاتووە: (واتاسازی وشە، زاراوەی فرەواتا، سیماکانی فرەواتا، ڕێگاکانی دروستبوونی فرەواتا، هاوبێژی، فەرهەنگ، پەیوەندی فەرهەنگ و واتاسازی).

**بەشی دووەم:**

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ چۆنیەتی دەستنیشانکردنی کاریگەریی دیاردەی فرەواتایی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا، بۆ ئەم مەبەستەش بەشەکە پۆلێنی سەر ئەم دێرانە کراوە: ( سەرەتا، فرەواتایی لە وشەی فەرهەنگیدا، دەرکەوتەی فرەواتا بەپێی (ناو، چاوگ، ئاوەڵناو) )، لەکۆتاییدا پوختەی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## 2. بەشی یەکەم

### واتاسازی وشە و فەرهەنگ

#### ١-١: واتاسازی وشە:

واتاسازی وشە خۆی لە نێو دوو پەیوەندیدا دەبینێتەوە، یەکەمیان بریتیە لە لێڵی واتایی وشە (Ambiguity)، دووەمیشیان بریتییە لە پەیوەندییە واتاییەکان (Sense Relation)، ئێمە لێرەدا باس لە پەیوەندی یەکەم (واتاسازی وشە) دەکەین، کە کرۆکی توێژینەوەکەمان پێکدەهێنێت.

**١-١-١: لێڵی واتایی وشە:**

مەبەست لە لێڵی واتایی لە سنوری وشەدا ئەوەیە، ((وشەیەک یان مۆرفیمێک بەتەنها ببیسترێ یان بخوێنرێتەوە گوێگر یان خوێنەر بە زیاتر لەمانایەک تێی بگات)) (وریا عمر ئەمین، ٢٠١٩،ل٢٩٣)، ئەم دیاردەیەش بوونی فرەواتایی و هاوبێژی لەنێو زماندا دەهێنێتە کایەوە. کەواتە، ئەم جۆرە لێڵییە دەبێتە دوو جۆر: (فرەواتا و هاوبێژی).

**یەکەم: فرەواتا (Polysemy) (چەمک و تێڕوانین):**

لێرەدا چەمک و پێناسەی فرەواتا لە دوو ڕوانگەوە دەردەخەین:

**أ- فرەواتا لە ڕووی واتای زمانەوانیدا:**

فرەواتایی بابەتێکی نێو فەرهەنگییە و لە ئاستی واتاسازی وشەدا کاردەکات و لێی دەکۆڵدرێتەوە، کە لە وشەی (Polysemy) ی یۆنانییەوە هاتووە، وشەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، (Poly) بەواتای (فرە) یان (زۆر)دێت، (semy)یش چەمکی (واتا) دەگەیەنێت، هەردووکیان پێکەوە دەبن بە (فرەواتا)، ئەمەش ناوێک (دال) و چەندین ناولێنراو (مەدلول)، کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە گرێیان دەدات (بێرمان و لۆبلان، ٢٠٠٦ ،ل٢٦).

**ب- فرەواتا لەڕووی زاراوە:**

چەمکی فرەواتا ڕەهەندێکی ئاڵۆزی هەیە و لە نێو زمانەوان و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە بە تایبەت ڕوانگە و پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، لەخوارەوەش هەندێک لەو بۆچوون و ڕوانگانە دەخەینە ڕوو:

"دێڤید کریستاڵ" پێی وایە فرەواتا بریتییە لە ((هاتنی دانەیەکی فەرهەنگی بە زنجیرێک واتای جیاوازەوە (Crystal.D,1992, P 307). واتە وشەیەک یان فۆڕمێکی فەرهەنگی کۆمەڵێک واتای جیاواز لەخۆدەگرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

"جۆن لاینز" دەربارەی پێناسەی فرەواتا دەڵێت: ((بریتییە لە چەند واتایاک بۆ وشەیەک...)) (Lyons , 1996, P 58).

لەم ڕوانگەیەوە وشە فەرهەنگییەکان (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار،...هتد)، دەشێ بەپێی دەوروبەری بەکارهێنان زیاتر لە واتایەک لەخۆبگرن.

"بێرمان و لۆبلان" پێیان وایە فرەواتا: (( وشەیەکە کە زیاتر لە واتایەکی هەیە، بەڵام واتاکانیان لەبنچینەوە لەیەک نزیکن و بە یەک وشە لە فەرهەنگدا دەنووسرێن)) (بێرمان و لۆبلان: ٢٠٠٦: ٤٠). واتە ئەو مانا جیاوازانەی، کە لە وشە فەرهەنگییەکاندا بەدی دەکرێ، لە بنەڕەتدا لە یەکەوە نزیکن و بە یەک هێمای زمانی لە فەرهەنگدا دەنوسرێن. هەر لەم ڕوانگەیەوە "ئەوڕەحمانی حاجی مارف" دەڵێت: ((فرەواتا ئەوەیە، وشەیەک چەند واتایەک لەخۆبگرێت و ئەو واتایەش لەیەکەوە نزیک بن)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥، ل٩). ئەم پێناسەیەی (د. ئەوڕەحمان) لەگەڵ پێناسەکەی (بێرمان و لۆبلان) نزیکە و ئاماژە بەیەک مەبەست دەکەن، ئەویش ئەوەیە وشە فرەواتاکان واتاکانیان لەیەکەوە نزیکن، نەک دوور.ئەگەر سەیری ئەم پێناسانەی سەرەوە بکرێ دەبینین زۆربەی پێناسە و ڕوانگەکان لەیەکەوە نزیکن و جەخت لەوە دەکەنەوە، (فرەواتا): وشەیەکە زیاتر لە واتایەکی هەیە.کەواتە؛ دەتوانین بڵێین: "فرەواتا" وشەیەکە یان مۆڕفیمێکە، زیاتر لە واتایەکی هەیە، ئەم واتایانەش لەبنچینەدا لەیەکەوە دوور نین و نزیکن و لە فەرهەنگدا دەنوسرێن، وەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

- وشک:

١-بەواتای ڕەقەکار:

- پیاوێکی زۆر وشکە.

٢- شوێنی بێ ئاو یان بێ باران:

- خاکێکی وشکە، ساڵێکی وشکە.

لێرەدا دەبینین وشەی (وشک) بە دوو واتای جیاواز هاتووە، ئەم واتا جیاوازانەش پێیان دەگوترێت (فرەواتا).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢- سیما و تایبەتمەندییەکانی فرەواتا:**

فرەواتا هەڵگری چەند سیمایەکی گرنگە و بەو هۆیانەوە پێی دەناسرێتەوە، لە دیارترین ئەم سیمایانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. لە فەرهەنگدا واتا جیاوازەکانی وشەی فرەواتایی دەکەونە هەمان دەروازەوە. بۆ نموونە: (ب)

- دەچێتە سەر ڕەگی کار و کاری داخوازی لێدروستدەکات ، وەک: (بخۆ، بچۆ).
- دەچێتە سەر ڕەگی هەندێ چاوگ و ناو و سیفەتی کاریان لێپێکدەهێنێت، وەک: (بوێر، بکوژ).

٢. ماناکانی فرەواتا بەگشتی لێک نزیکن و دەبێ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەبێت.

٣. وشەی فرەواتایی مامەڵەی یەک وشەی بۆ دەکرێت و بەم جۆرە واتا جیاوازەکانی دەنوسرێت (تاڵیب حوسێن عەلی، ٢٠١١، ل٩٦): وەک:

٤. هەروەها فرەواتا مانا جیاوازەکانی دەچێتە ناو فەرهەنگ و، فەرهەنگی زمان دەوڵەمەنددەکات.

٣- پەیوەندی لەنێوان واتاکانی فرەواتاییدا پەیوەندی خواستنە، ئەمەش لەڕێگای شکاندنی هەندێ یاسای سیمانتیکی بەرچاودەکەوێ، وەک: (دیوار بەگوێیە، شەو هەزار چاوی هەبوو) ( محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٦، ل٦٦).

**٣. ڕێگاکانی دروستبوونی فرەواتا:**

دیاردەی فرەواتایی لە زماندا بەچەند ڕێگایەک پەیدا دەبێت، لە گرینگترین ئەم ڕێگایانەش بریتین لەمانە:

**١-تەسکبوونەوەی واتا:**

ئەم دیاردەیە کاتێ ڕوودەدات، کە مرۆڤ وشەیەک لە سنورێکی فراوان و بەربڵاو بۆ شوێنێکی تر دەبات و بەم پێیەش تایبەتی پەیدادەکات (عەبدولواحید موشیر دزەیی،٢٠١١، ل٢٠٦)، ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ لەڕووی زاراوە زانستییەکاندا (عەبدوڵا عەزیز موحەمەد، ١٩٩٠، ل ٧٨). بۆ نموونە وشەی (پاڵاوتە) پێشتر بۆ هەموو مادەیەکی (پاڵێوراو) بەکاردەهات، بەڵام ئێستا بۆ واتایەکی تایبەتی بەکاردێت، کە دەوترێ (نیشتەی کیمیایی) تەنها بەواتای (راشح کیمیایی) بەکاردێت (جەمال عەبدول، ٢٠٠١، ل ١٧). واتە لێرەدا وشەکە واتایەکەی تەسک بۆتەوە.

**٢-فراوانبوونی واتا:**

لێرەدا وشەکە واتایەکی فراوانتر پەیدادەکات لە واتا فەرهەنگییەکەی و دیاردەیەکی گەورەتر دەگرێتەوە (ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، ٢٠١٣، ل ١٠٧)، ئەمەش بە پێچەوانەی تەسکبوونەوەی واتایە. بۆ نموونە: (نان) جگە لە کولێرە، بەواتای بژێوی ژیانیش دێت (محمەد مەعروف فەتاح، ١٩٩١، ل ١٠١).

**٣- گواستنەوەی واتایی:**

ئەم جۆرە واتایە کاتێک ڕوودەدات، کە هەردوو واتاکە بەرامبەریەک یەکسان بوەستن لەگەڵیەکدا و، هیچ جیاوزیەکی گشتی و تایبەتی لەنێوانیاندا نەبێ (عبدالقادر عبدالجليل، ٢٠٠٦، ل ٢٤٢). ئەمەش دەبێتە دوو جۆر:

**أ-بەرزبونەوەی واتا:**

لێرەدا پێشتر وشەکە بارودۆخێکی خراپی گەیاندووە ، بەڵام ئێستاکە واتایەکی باشتر و بەرزی وەرگرتووە. بۆ وێنە وشەی (شۆخ) ئێستا بەواتای (جوان) دێ، کەچی لە قۆناغێکدا پێشتر بە واتای (بێ حەیا)یی بەکارهاتووە (ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، ٢٠١٣، ل ١٩٥).

**ب- نزم بوونەوەی واتا:**

ئەم جۆرە بریتییە لە ((گۆڕانی واتای وشەیەک بەتێپەڕبوونی کات)) (الخولي، ١٩٨٢، ل ٦٧). بۆ نموونە وشەی (تۆزوبا) دوای ڕاپەڕین واتایەکی نزمی وەرگرت، چونکە بۆ کەلوپەلی دزی و تاڵان بەکاردەهات (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١، ل ٢١٢).

**٤- زۆری بەکارهێنان:**

ئەمەش ڕێگایەکی ترە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی فرەواتا، کە تیایدا وشەیەک لە ئەنجامی زۆری بەکارهێنانەوە لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەوە دروست دەبێت (ڕۆژان نوری عەبدوڵلا،٢٠١٣، ل٩٥). بۆ نموونە چاوگی (بەربوون) بەپێی دەوروبەر سێ واتا دەبەخشێت:

١- ئاوەکە بەربوو.

٢- خوێن لە لووتی بەربوو.

٣- پیاوەکە لە زیندان بەربوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەم شێوەیە؛ هەموو ئەم ڕێگایانەی باس کران ڕۆڵ و کاریگەریی بەهێزن لە هاتنەکایەوەی دیاردەی فرەواتایی و فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکەن.

**دووەم: هاوبێژی:**

ئەمەش یەکێکە لە بابەتەکانی نێو واتاسازی وشە، بریتییە لە دوو وشەیان زیاتر، کە لە گۆکردن و نوسیندا هەردووکیان وەکو یەکن، بەڵام واتاکانیان لەگەڵ یەکتری جیاوازە و لە یەک سەرچاوەوە هەڵنەقوڵاون (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠٠١، ل١٧٥). یاخود "هاوبێژی" بریتییە لەوەی یەک فۆڕم دوو واتا یان زیاتری هەبێ (سەباح ڕەشید قادر ، ٢٠٠٠، ل ٧).کەواتە، هاوبێژی ئەو وشانە دەگرێتەوە کە دوو واتای جیاوازیان هەبێ، بەڵام لە بنچینەدا واتاکانیان لێک دوورە، ئەمەش بەپێچەوانەی فرەواتایە، کە واتاکانیان لەیەکەوە نزیکن و لە یەک سەرچاوە هەڵقوڵاون، وەک ئەم نموونە هاوبێژەی خوارەوە:

١- شیر : (شیری خواردن)

2- شیر: (ئامێری بریندارکردن)

لێرەدا ئەم دیاردە واتاییە ناچێتە نێو چوارچێوەی توێژینەوەکەمان، چونکە توێژینەوەکە جەختی لە دیاردەی فرەواتایی کردۆتەوە.

**١-٢: فەرهەنگ :** (چەمک و ناساندن):

هەموو زمانێک فەرهەنگی تایبەتی خۆی بەپێی بوارە جیاوازەکان هەیە و وشە و واتاکانیان تیادا کۆکراوەتەوە، ئەمەش گرنگی فەرهەنگ لەنێو زماندا دەردەخات.

فەرهەنگ بە گشتی ((ئەو کتێبەیە کە وشەی تیادا تۆمار کراوە، جگە لە ڕیزکردنی وشە، هەروەها لێی کۆڵدراوەتەوە، واتای ڕوون کراوەتەوە، لێکدراوەتەوە، شیکراوەتەوە، زانیاری دەربارەی چۆنیەتی نووسینیان و بەدەمهاتنیان و پەیدابوونیان دراوە)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٥ :٦٩). بەم پێیە چەمکی فەرهەنگ واتایەکی گرنگ و فراوانی هەیە و واتای وشەکانی نێو زمان لەخۆدەگرێت ئەمەش لایەنێکی گرنگە بۆ پاراستنی وشە لە فەوتان.

**١-٣: جۆرەکانی فەرهەنگ:**

بە گشتی جۆرەکانی فەرهەنگ لەنێو زماندا دەبنە دوو جۆر:

**١- فەرهەنگی بنەڕەتی:**

ئەم جۆرە فەرهەنگە کۆی ئەم وشانەیە، کە لە زماندا هەن و کۆمەڵ بەگشتی لەسەری ڕێکەوتوون، وەک: (ناوی خزمایەتی، گیانەبەر، ناوی شوێنی حەوانەوە، ڕەنگەکان، خواردن و خواردنەوە، ...هتد) (ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، ٢٠١٣، ل١١).

**٢- فەرهەنگی گشتی:**

ئەم جۆرە فەرهەنگەش ((لەئەنجامی پێویستی کۆمەڵ، لەسەر بنەمای وشەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی هاتوونەتەکایەوە، هەروەها ئەو وشانەی کە لە زمانی ترەوە دێنە ناو زمانەوە، وەک: (مزگەوت، کۆمپیوتەر، تەلەفیزیۆن، ...هتد) (شۆخان عەزیز عومەر، ٢٠١٤، ل٦٩)، وشەکانی نێو ئەم فەرهەنگەش بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکەن.

بەم شێوەیە دەبینین، فەرهەنگی هەر زمانێکیش لە ڕێگای چەند هۆکارێکەوە دەوڵەمەند دەکرێت، لەوانە: (هۆی کۆمەڵایەتی، زمانەوانی، ئابوری، سیاسی، ئایینی، وەرگرتن، ...هتد).

**١-٤: پەیوەندی فەرهەنگ و واتاسازی:**

هەروەک لەوەچەپاری پێشوی (١-٢)ی ئەم بەشەدا باسی جۆرەکانی فەرهەنگمان ڕوونکردەوە، ئێستا دێینە سەر ئەوەی بزانین چ پەیوەندییەک لە نێوان فەرهەنگ و واتاسازیدا دەبینرێت.

فەرهەنگسازی وەک لێقێکی نێو زمانەوانی کارەکی ئەرکی هەرەسەرەکی دۆزینەوە و ڕوونکردنەوەی واتای وشەیە، ئەم واتایەش خۆی لەژێر چەتری واتادا ڕەنگڕێژ دەکات.

ئاشکرایە، واتاسازی سێ زانست دەگرێتەخۆی، کە بریتین لە (واتاسازی و وشەسازی و زانستی فەرهەنگ). لەو ڕووەوە واتاسازی و فەرهەنگسازی گرینگی بە واتا دەدەن، بەمەش واتای فەرهەنگی دەبێتە خاڵی بەیەک گەیشتنی واتاسازی و فەرهەنگسازی (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١١، ل٤٠)، لەئەنجامی ئەو پەیوەندیەی نێوانیشیان لقێکی واتاسازی سەریهەڵدا بە ناوی (واتاسازی فەرهەنگی)، کە لێکۆڵینەوە و چارەسەری واتا دەکات بەڕێگای پەیوەندی بە وشە (شێرزاد سەبری عەلی، ٢٠١٥، ل٣١).دیاردەی فرەواتاییش وەک پەیوەندییەکی واتایی، پەیوەندییەکی بەهێزی بە فەرهەنگەوە هەیە، بەوەی واتا جیاوازەکانی دەچێتە نێو و فەرهەنگ و فەرهەنگی زمان دەوڵەمەنددەکات، دواتر لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە ئەم ڕوانگەیە ڕووندەکرێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم

# ڕۆڵ و کاریگەریی فرەواتا لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا

### ٢-١: سەرەتا:

دوای ئەوەی لەبەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا لایەنە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە خرانەڕوو، ئێستا دێینە سەر ئەوەی بزانین دیاردەی "فرەواتایی" چ ڕۆڵ و کاریگەریەکی لە دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا دیوە.

بێگومان فرەواتایی کاریگەریی بەهێزی دیوە لەدەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا، ئەمەش بەهۆی ئەو واتا جیاوازانەی، کە لە وشە فرەواتاکاندا دەبینرێن، بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکە بەپێی بەشەئاخاوتنە دیارەکانی وەک: (ناو، ئاوەڵناو، چاوگ) ئەم ڕۆڵە دەستنیشاندەکات و بەپێی دەوروبەری بەکارهێنان ڕەنگدانەوەیان دەبێت.

### ٢-٢: دیاردەی فرەواتایی لە وشەی فەرهەنگدا:

بەگشتی ئەو واتاناسانەی گرنگی بەواتا دەدەن، بابەتی واتا و وشەی فەرهەنگی بەپێویست دەزانن، بۆ دۆزینەوە و ڕوونکردنەوەی واتای هەر وشەیەک کە لە فەرهەنگدا بۆی دەگەڕێن. بەپێی ئەم ڕوانگەیە واتای فەرهەنگی بریتییە لە واتای ئەم وشانەی، کە لەنێو فەرهەنگی هەر زمانێکی دیاریکراودا دەبینرێن و تۆمار دەکرێن، هەروەها لەفەرهەنگی گشتی زمانێکدا بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن (ناو، کار، ئاوەڵناو، ...هتد) واتای فەرهەنگی وشەکە دەگەیەنن (پەروین عوسمان مستەفا، ٢٠٠٩، ل٩٧)، کە ئەمەش کرۆکی توێژینەوەکەمان پێکدەهێنێت. ئەم ڕاستییانەی سەرەوە ئەوەمان پێ دەڵێن، کە فرەواتایی بەپێی بەشە ئاخاوتن دەرکەوتنیان لەنێو زمانی کوردیدا هەیە، دواتریش ئەم ڕوانگەیە ڕووندەکەینەوە.

### ٢-٣: دەرکەوتنی "فرەواتایی" بەپێی بەشەئاخاوتنی (ناو) و ڕۆڵی لەدەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا:

هەندێک(ناو) هەن لە زمانی کوردیدا زیاتر لە واتایەک دەبەخشن، ئەم واتایانەش لە یەک سەرچاوەوە هەڵقوڵاون و فرەواتا پێکدەهێنن:

**١- ناوی سادە:**

ئەو ناوەیە بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەردەکەوێ، بەبێ هیچ زیادەیەک، نموونەی ئەم فرەواتایانەش لەم ڕوانگەیەوە، وەک:

أ- فریشتە:

١- بەندەی خودایە، کە لە ئاسمانن.

٢- کەسێکی زۆر باش، یاخود جوان (موکریانی، ١٣٧٦، ل٥١٨).

ب- ڕۆژ:

١- ڕۆژەکانی هەفتە:

- ئارام سێ ڕۆژی ڕەبەق بوو لەجێگەدا کەوتبوو (شار، ل٣٧).

- ئەمڕۆ بەهار هاتۆتە ناو شاخان، یەکەم ڕۆژی بەهارە (داغستانی من، ل٧).

٢- خۆر:

- بەری ڕۆژ بە بێژەنگ ناگیرێ (پەندی پێشینان).

- تیشکی ڕۆژ لەسەر گوند و هەتا لەسەر کەپکی شاخەکەش کشانەوە (چیرۆکەکانی مەم، ل١٠٠).

پ- پشت:

١- ئەودیوی هەر شتێک.

٢- دژدار و لاگر.

٣- خزمی باوک. (هەژار موکریانی، ١٣٧٦، ل٣٠٠).

**٢- ناوی دارێژراو:**

ئەم جۆرە لە ناوێکی سادە لەگەڵ پێشگر یان پاشگرێک یان هەردوو پێشگر و پاشگر پێکەوە پێکدێت. لە نموونەی ئەم جۆرە ناوە فرەواتایانەش وەک:

أ-ماڵی:

١- کەوی. باڵندەیەکە لەماڵدا دەستەمۆبووبێ.

٢- شتێک کە لەماڵدا دروست دەکرێت (ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ل١٩٦).

ب- بەردان

١- ئازادکردن.

٢- بەڕەڵاکردن.

٣- بەردانەوەی شت (تالیب حوسێن عەلی، ٢٠١١، ل٩٦).

**٣- ناوی لێکدراو:**

ئەم ناوە لە دوو وشەی سەربەخۆی واتادار پێکهاتووە. یان زیادەیەک(پێشگر یا پاشگر) لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری ناوی لێکدراو لەڕووی واتاییەوە بکەین، دەبینین زۆربەیان لە واتایەک زیاتر دەبەخشن، ئەمەش فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکات، لە نموونەی ئەم جۆرە ناوانەش:

أ- دەمڕاست:

١- قسەزان.

٢- نوێنەر.

ب- فیلەتەن:

١- مرۆڤی زەبەلاح.

٢- ئازا و بەکار (ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ل١٩٨).

پ- بارگرانی

١- کەل و پەل زۆر لەگەڵ خۆبردن.

٢- ئەرک و کاری زۆر خستنە سەر کەسێک (عەبدولرەحمان زەبیحی، ١٩٧٩، ل ٢٩-٣٠).

**٢-٤: دەرکەوتنی "فرەواتایی" بەپێی بەشەئاخاوتنی (ئاوەڵناو) و ڕۆڵی لەدەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا:**

ئاوەڵناو، وەک بەشێکی ئاخاوتن، کە وەسفی ناوێک یان جێناوێک دەکات، بەهەمان شێوەی ناو، هەندێک (ئاوەڵناو) لە زمانی کوردیدا هەن پتر لە واتایەک دەبەخشن، ئەم واتا جیاوازانەش فەرهەنگی زمانەکەیان دەوڵەمەند کردووە، هەندێک لەو نموونانەش لێرەدا دەخەینە ڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

أ- گەورە: (تالیب حوسێن، عەلی ٢٠١٤، ل٨٠).

١- بەتەمەن (منداڵەکە گەورە بووە).

٢- بەقەبارە ( خانووەکە گەورەیە)

٣- بەواتای پلەوپایەی گەورەش دێت، وەک: (ئاغا، سەرۆک، بەرپرس) (سەلام ناوخۆش، ٢٠١٠، ل٦٨).

ب- گران:

١- ئەو بارە گرانە.

٢- پرسارێکی گرانە.

٣- پیاوێکی گرانە.

ت- ڕەق:

١- پیاوێکی ڕەقە. (بەئاسانی ناڕوخێ).

٢- ژنێکی دڵ ڕەقە. (نایەتە ژێر باری قسە و هەڵوێست).

٣- وەڵامێکی ڕەقە. (جوان نییە، ڕێزی تێدا نییە) (ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، ٢٠١٣، ل٢٠٢-٢٠٣).

**٢-٥: دەرکەوتنی "فرەواتایی" بەپێی بەشەئاخاوتنی (چاوگ) و ڕۆڵی لەدەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا:**

چاوگیش وەک بەشەئاخاوتنێک لەنێو زمانی کوردیدا بەفۆڕم و شێوەی جیاواز، بەپێی دەوروبەری بەکارهێنان واتای جیاواز هەڵدەگرێت و فەرهەنگی زمانەکەی دەوڵەمەندکردووە، لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو:

أ- ئەژنۆشکان:

١- ترسان لە شتێك . (کە بینیم ئەژنۆم شکا)

٢- بێچارەبوون.( کاتێک ناتوانی بۆ هیچ ڕێگایەک برۆی وەک ئەوەیە چۆکت شکابێت).

٣- بێ دەسەڵاتبوون (عەبدولرەحمان زەبیحی، ١٩٧٩، ل١٩٨).

ب- بەربوون:

١- ئازاد بوو:

- ئەوڕەحمان لەو ڕۆژەی بەربووبوو، ئەو یەکەم جاری بوو دەیبینی (شار، ل٣٧).

٢- خوێن بەربوون:

- منداڵەکە خوێن لە لووتی بەربوو.

٣- ئاو کرانەوە:

- ئاوەکە لە خوارەوە بەربووبوو.

٤- ڕێگاپێدان:

- قوتابییەکان ئەمڕۆ درەنگ لە قوتابخانە بەربوون (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، ٢٠١٣، ل٥٦).

پ- هەڵبڕین:

١- بڵندکردن.

٢- کەوتنە شوێن کەسێک بە غاردان.

٣- بە تیغ لەتکردنی گوریس و ڕیس.

٤- گۆڕینی ڕێگای ئاو (هەژار موکریانی، ١٣٧٦، ل٩٨٥).

ت- کڕکردن:

١- بێ دەنگکردن.

٢- خۆماتکردن.

٣- کوشتنی کەسێک (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل٦١٢).

## دەرئەنجام:

دوای تاوتوێکردنی لایەنە تیۆری و کارەکییەکان، توێژینەوەکە بەم ئەنجامە گرنگانەی خوارەوە گەیشت:

١- دیاردەی فرەواتایی، وەک لایەنێکی گرنگی نێو واتاسازی وشە لە زمانی کوردیدا دەرکەوتەی هەیە، کە تیایدا وشەیەکە یان مۆرفیمێکە زیاتر لە واتایەکی هەیە، ئەم واتایانەش لەیەکەوە نزیکن وبۆ یەک سەرچاوە دەگەڕێنەوە

٢- لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا واتا جیاوازەکانی فرەواتا بەپێی دەوروبەری بەکارهێنان دەردەکەون و گۆڕانیان بەسەردادێت، ئەمەش وادەکات لێڵی و تەم و مژی تیایاندا دەرنەکەوێت.

3- دیاردەی فرەواتایی لەنێو بەشێک لە بەشەئاخاوتنەکانی زمانی کوردی، وەک: (ناو، ئاوەڵناو، چاوگ) ڕەنگدانەوەی هەیە و چونەتە نێو فەرهەنگ و فەرهەنگی زمانی کوردیان دەوڵەمەند کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان

أ- به زمانی کوردی:

مارف، ئەورەحمانی حاجی (١٩٧٥)، وشەی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

مستەفا، پەروین عوسمان (٢٠٠٩)، واتا و وەرگێڕان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، بڵاوکردنەوەی دەزگای موکریان، هەولێر.

پەندی پێشینان.

عەلی ،تاڵیب حوسێن (٢٠١١)،واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

خوێن ،جگەر (١٩٦٢)، فەرهەنگا کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئیرشاد، بەغدا.

عبدوڵڵا، ڕۆژان نوری (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

قادر ،سەباح ڕەشید (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

ناوخۆش ،سەلام (٢٠١٠)، زماناسی و هەندێ بابەتی زمانناسی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین، بڵاوکردنەوەی کتێب فرۆشی سۆران، هەولێر.

محەمەد ،شۆخان عەزیز (٢٠١٤)، لێکسیکۆلۆجی و هەندێ وشەی چاڵاک لە فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

عەلی ،شێرزاد سەبری (٢٠١٥)، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوار، دهۆک.

زەبیحی، عبدولڕەحمان (١٩٧٩)، قاموسی زمانی کوردی، کوردی-کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

محەمەد، عەبدوڵڵا عەزیز (١٩٩٠)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١١)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی دووەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

کلودجرمان و روبلان ریمون (٢٠٠٦)، واتاسازی، وەرگێڕانی، یوسف شەریف سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠٠١)، زمانەوانی و فەرهەنگسازی، گۆڤاری نوسەری نوێ، ژ (١٩)، هەولێر.
فەتاح ،محەمەد مەعروف و قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
مەم ،محەمەد مەولود (١٩٨٢)، چیرۆکەکانی مەم، بەرگی دووەم، بەغدا.
هەژار موکریانی (١٣٧٦)، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، کوردی-کوردی-فارسی، چاپی یەکەم، تەهران.
و: گەردی ، عەزیز (١٩٧٦)، داغستانی من، بەرگی یەکەم، بەغدا.
وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
ب- بە زمانی عەرەبی:
عبدالجليل، عبدالقادر (٢٠٠٦)، امعجم الوظيفي لمقياس الأدوات النحوية و الصرفية، ط١، دار الصفاء للنشر و الوزيع، عممان.
الخولي، محمد علي (١٩٨٢)، معجم على اللغة النظري، انكليزي-عربى، مكتبة لبنان، بيروت.
David، Crystal. (1997), a dictionary of linguistics, Blackwell: Oxford.
Lyons. J (1996), linguistic semantics an introduction, Cambridge, Cambridge University Press.

# Roles And Effects of Polysemy in Enriching Kurdish Language Dictionary

**Talan M. Omer**
Department of Managetment Information System, Shaqlawa Technical College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
talanmohammed@epu.edu.iq

**Rzgar Esmaheel Karem**
Department of Kurdish language, College of language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Rizgarismael74@gmail.com

***Keywords:*** Polysemy, dictionary and semantics, meaning dictionary, lexical semantics.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

As a phenomenon Polysemy exists among all the languages with a difference meanings, forms, and structure. It refers to a word or a morpheme with multiple meanings; those multiple meanings will appear according to the context and the word become clear. From this point of view, this study deals with roles and effects of polysemy in enriching Kurdish language dictionary. This will be conducted in light of (analytical description) methodology. The principles and different aspects of the phenomenon in relation to dictionary and Kurdish language will be discussed. To reach the answer of whether this phenomenon (polysemy) has enriched Kurdish language dictionaries or not? And how?

The research consists of two chapters; the first chapter is about the concept, idea of polysemy, its forms, and the reasons of having it. The second chapter focuses on the roles and effects of polysemy behind polysemy formation in enriching Kurdish language dictionaries, and this role is selected according to parts of speech; namely, noun, adjective, and infinitive. In conclusion the results show that polysemy has an important role in enriching Kurdish language dictionaries, and this is due to the multiple meanings of words based on different contexts.

-----------------------------------------------------------

## المتعدد المعانی ودوره فی اغناء معجم اللغة الكوردية

### الملخص

ظاهرة المتعدد المعانی توجد هذه الظاهرة في اللغات بمعاني وأساليب مختلفة، بمعنى أن لفظاً واحداً أو مورفيماً واحداً يجعل أكثر من معنًى، وهذه المعاني المختلفة تظهر بحسب السياق الذي ورد فيه، ويزيل الغموض عليها. من خلال هذا المفهوم يأتي البحث يتحدث عن التوسع في المعنى ودوره في إغناء معاجم اللغة الكردية، وقد اقتضت طبيعة البحث الاعتماد على المنهج الوصفي التحليلي، حيث يبين جوانب مختلفة من الظاهرة المتعلقة بالمعاجم الكودرية، وذلك بقصد الوصول الى الاجابة عن الاسئلة التالية، هل هذه الظاهرة – التوسع في المعنى – أدت إلى إغناء المعاجم الكوردية؟ أم لا ؟ وكيف؟

ويتكون البحث من قسمين، القسم الأول يتضمن مفهوم ومصطلح المتعددالمعاني، والمعجم، وأسباب نشأته وأما القسم الثاني: فيتحدث عن دور وفاعلية التوسع في المعنى في إغناء المعاجم الكوردية، وهذا الدور يكون من خلال أقسام الكلام مثل (الاسم، الصفة، المصدر) وفي النهاية أنَّ البحث وصل إلى مجموعة من النتائج وأهمها التوسع في المعنى ودوره المهم في إغناء المعاجم الكوردية، من خلال ورود اللفظ في سياقات مختلفة.